
کتێبی




## دابان عەتار

شیعر

2020

ناوی کتێب : نـــــــــا

نووسەر : دابان عەتار

بابەت : شیعر

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک : ئەحمەد ئیسماعیل

وێنەی بەرگ : ئاسۆ کەریم

ساڵ : ٢٠٢٠

# بەرکوڵ

کات لە شیعردا دەبێتە وشە، وشەش هەرشتێک خەیاڵ بیخوازێ. خەیاڵ لە زماندا ڕوودەدات و کات لەزماندا درێژدەبێتەوە... شوێن دەبێتە کات و هەرشتێک دەبێتە هەرشتێکی دیکە، شیعر سەمەرەی بوونە!

ئەمە پرۆژەیەکی شیعرییە، لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم (زریان)ە بەشی دووەم (خەڵوەت)ە، بەشی سێیەم (گۆرانی شار)ە...

هەر سێ بەشەکە پێکەوە کتێبە شیعریەکە پێک دەهێنن، کە ئێمە لێرەدا بەش بەش بڵاویان دەکەینەوە...

لەبارەی ناوی کتێبەکەوە مەگەر پێشنیازی خوێندنەوەی کتێبەکەتان بۆ بکەم.

لێرەوە ڕێ بەخۆم دەدەم هەر بەشەی پێشکەشی کەسێک بکەم.

# بەشی یەکەم

## ( زریــان )

پێشکەشە بە *(ڕەزا عەلی پوور)**

نم نم ڕووو لە ڕووگەی ئەوینم دەبارێم، دەڕژێمە وێستگەی گەیشتن و سەرخەوێک لەباوەشتا دەژیمەوە. نم نم زەنگی تۆ دەژەنم و تەڕیم ئارەزووی بینینتە. لە دوورەوە دەگریم بەسەر ویشکەساڵی پشتهەڵکردنت لە ویستی باوەشێکی نێژراوم، نێژراو لە ژاراوی ژووری یەک ئاوێنەی پۆلاینی خۆپەرستیت. دڵۆپ دڵۆپ شەپۆلم بەرزکردەوە تا شەپۆلی شێتی، تا بەردەم ئاوێنەکەت هاتم و شکام و ئاوێنەکەت درزێکی هیوای تێ نەبوو، درزێک جوانیت دزێو بکات و

بگەمە سەرەتای ڕێیەکی نوێ، سەرەتای هەوڵێکی ئارامی دوای زریانی بێهیوایی، ئارامی هیوای درزبردنی غروریت.

لەناوتا بام

لە تاوتا تام

لەچاوتا تام

لەگەردەنتا بئاڵابام

لە لێوتا گەر ژیابام

سنوورەکانیش دابخەی من کوڕی بام

پارچەم شێواوە

پەشێواوە لەبەر پەرچەمی شێواوت*

شێوەی شاری ڕژانم

شکانی شکۆی زریانی تامەزرۆییمە

ئەی ئاوێنە

* لە شیعرێکی نالییەوە بە دەستکارییەوە

بەردەوام دەبم لە بارینم

تۆیش بەردەوام بە لە دزێوکردنی جوانێک لە گۆشەی خودپەرستییەوە، سەرەتا نم نم ئەوینم باراند

نم

نم

نیازم پشوودرێژبوو

بێهیواییت کردە هاژوهوژی هاواری تووڕەیی

ڕەق ڕەق ڕقت خزاندە "با"مەوە

تەق تەق چەکوشت کێشا"نا"تەوە  وووووو

با

لوورە لووری بەگوێمدا دەدا

هێشتا دڵۆپ دڵۆپ ئارامیم دەژەنی

هەناسەیەک منت هەڵنەکێشا

تیرێکت لە نیشانم گرت

پشتت کردە ڕژانی سووریمەوە

پەرشبوومەوە نێو پرچی خاوت

پەتێکت خستە گەرووی قەترانەوە

گیرۆدەی کەڵەپچە

هەزارساڵی دی شکام

هەزاران هەزار جاروبار

ڕ
ژ
ا
م

جارجار خەیاڵی پەرچەمێک دەباریم

باری ڕەهێڵەم تێکەڵی زریان

بەژێی تاڵەکانتەوە حەیران

حەیران حەیرانە

دەرمانی دەردە زۆر غەریبە

ئینتیزاردەکا

ئینتیزاری و مەرگ دوانەن

من و تۆیش نەگەیشتین

من دادەبارێمە سەرت و

توانای تەڕکردنتم لەرزۆک

لەرز لەرز

قەمسەڵەکەم بەشانتدا دا و لەرزی!

شانت هەڵتەکاند

بەربوومەوە ژێر پێیەکانت

هەڵماندمت

سێبەری هەورەکە بووم بە سەرتەوە

نەمدەوێرا داکەم

دەترسام سەرما سڕت بکات

گرمۆڵەبووم و چڕبوومەوە

با

ئای با چۆن یاری بە چارەنووسی دڵۆپم دەکا

ئەوڕۆژەی ملپێچەکەتی برد و منی خستە هەڵفڕین

با

خستمیە بەردەمی

نا

نا نا نا کاسم، کاست کردم

کاسەمت لە کاسەدا ڕژاند

ئەی ئەزیزی دڵی با

دەبمە جەنگاوەر

بەرەوڕووی نا کان با دەبم

با دەبم و زریان هەڵدەکەم

تووڕە و تۆسن

گڤەم تۆڵە لە پەرچەمت دەکاتەوە

وژەم ئێسقانت

نا!

نانانا... ناتوانم!

ئێسقانەکانت ڕادەمووسێ

هاڕین چارەی ئەم ڕقە پەتییەم ناکا

چەتر دەستەکان هەڵناواسێت ئیتر

باران نابێتە بیانووی کۆبوونەوەی سەرەکانمان لەژێر یەک سەقف

دڵ قوتوویەکی ڕژاوە، کۆناکرێتەوە بێچارەییم

بەردەوام دەڕژێمەوە و بەچارەی خۆمدا دەپڕژێم...

هەبوو نەبوو هیچ لە ئاوازی ئەم سەرمایەی نێوانمان بەستەڵەکتر نەبوو، پیاوێک خۆی دایە دەست با و ژنێک ڕژاندیە نا وە، یان نا، ژنێک بووە با و پیاوێک خۆی کردە کۆلارەیەکی دەزووپچڕاو و و و...

پیاوێک گوێی نەدا بە گریانی منداڵی و بەدوای بادا ڕەدوو کەوت، کڵاوە بابردووەکەی هیوایەکی شێتانەی تیابوو. جادووباز هەمیشە سەرسامی لە کڵاوەکانەوە ناهێنێتە دەر، فێڵەگەورەکان دەیخرۆشێنن و هەمیشە هیوای گەیشتن بە گەورەترین فێڵ فریوی دەدا...

وەک چۆن جوانیت فریوی دام و دوای کڵاوەکەم کەوتم، کەروێشک نەبوویت دەرتبێنم

پەنجەی لاوازم شەڕی شەپۆلی سەرشێتانەی ناوەوەمی پێ ناکرێت

ئەم زریانە بە من ناژەنرێ

لەم تۆفانە ناوەکییە یاخی دەبم

تلۆردەبمەوە خەڵوەتی ڕامان

ڕووگەم بەرەو سروشت

دەچەرخێ

دەچەرخێنم خلۆکەی سەری خوارم

خواروخێچی تابلۆی پێکەوەییمان

شپرزەی فریوی جوانیتم

جوانیت چەند تووڕەهاتانە چەقییە چاومەوە!

ڕژام، ڕاژام، ڕامژەندە ژێرپێی بێمروەتیت

غروریم

درزت خستە بەردی سینەمەوە

گوڵ چرۆی کرد و بوومە دارستان

نات گڕبوو تێکەڵی با

گڵپەم لەهەناوی خۆم کردەوە

هەناسەی ئاگرینم بردەوە بەر تا دەرونم سوت

بەناڵە تا دڵت سەخڵەت*

سەخڵەت بووم

سەخت سەختە ببی بە تۆزی بەرپا

تۆزی بەرپا بووم و لەبەر با بووم

تەپ تەپ تەپ

پێت بە دڵمدا نا

نانانا دڵم لەبەرپێتا دانا

داناییم ڕژاند

لە دیدی خۆمەوە بوومە خووڕەم

لەدیدی تۆوە بوومە قەزەم

* لە شیعرێکی مەحوییەوە

قەوزەی غرور پێی لەسەر بیناییت دانا

هۆ تیرهاوێژ! هۆ!

نا کانت ئامانجەکەتیان پێکا

هۆ... هۆ...هۆ ئەو جوانییەی ئامانجەکانت شیتەڵ ناکرێن بەسەر هۆکارەکاندا

هۆکارەکانم زۆرن بۆ لادان لە تۆ، وەلێ گوڵەبەڕۆژە بەدوای هۆکاردا ناگەڕێت بەڵکو بەدوای خۆردا...

سینگمت کردە دەهۆڵ

تۆپێک لە ناوەوە خەریکە بتەقێت

زەنگی مەرگت لێدا

لەسینەمدا:

تۆپێک تەقی!

زەوی لە ناوەوەی مندا

بە ئاڕاستەی نیگات دەخوولێتەوە

زەویم دەبێت بە باران

ئاسمانم بەسینگی تۆ

منیش خۆزگەی ئەستێرەیەکی کشاو

منیش بزەی لێوێکی تۆراو

تۆ ڕاوی ئەستێرەی کشاو
باوەشێک لەم دوگمانەت بترازێنە ئاسمانەوە
نیگام کشاوە بەسەر خاڵی سێوتەوە
هەنارێک پێمدا دەتەقێتەوە
سووریم شەقامەکان ئاو دەدا
پێ بەسووریمدا مەنێ
پەنجەریەک بخە دیواری ڕازتەوە
کۆترێک باڵ لە نیگات دەکوتێ،
ببیستە!
باڵەفڕکەم ڕازی گەیشتنە ئاسمانتە
شیعرم چزانە بە گڕدا
یەخەی شیعرم مەدڕێنە
با سێو لە خەیاڵمدا نەڕزێ
ناوێرم زۆر سەرنجتدەم
نەکا خوێنی هەنارێک بڕژێ
ڕاتژاندمە کەنارت
بە نیگات

کەوتمە بەرپێی نیگارێکت

خەندەت خستە دەمی چاومەوە

زایە جۆگەلەی کەناری ڕوومەوە

دەمێکە وێڵی وشەیەک لەشیعرێکدا بەستراومەتەوە

دەکرێ تەقینەوەنووسبم و ئەم زریانە بۆمبێک بێت:

لەمێژە چاوەڕوانی ئەوەم ڕۆژێک نامەیەک پێمدا بتەقێتەوە، وادەی مەرگی ئەم چاوەڕوانییەم هەر نەهات و نەهات. حەزدەکەم چاو لە دێری نامەیەکدا ڕاکشێ; وشەیەک، ڕستەیەک، پێیدا بتەقێتەوە، بۆ نمونە "بیرت دەکەم" باروتێکی باشە بۆ دڵپژان...

من لەبارەی خۆشەویستیەوە نازانم و ناتوانم بدوێم، بەڵام دەزانم کات شکستی هێناوە بەرانبەر نەهاتنی بۆمبەکانی دڵێکی شێت.

بیرم لە نەوڕەسەکان دەکردەوە، چۆن وەرزەکان دەخەنە ژێر پێی باڵەفڕکەی سەفەر، من شەیدای فڕینێک بووم و ڕاوچیانە خۆم دایە بەر فیشەکی خۆخەڵەتاندن...

شووشەیەک گوڵاو فڕێدە مێرگوزاری سینەمەوە ئەی باڵندەی لاسار...

تاکەی ماندوونابیت لە فڕین و هەڵاتن لە منی خۆتاشراودا؟!

دندوکێک ئاو بەدەم، بەدەمی سەحرای تەنیاییمدا بتەقێنەوە با جوودایی هەپروون بێت و دڵم بڕژێتە تۆوە...

باڵەفڕکەی چیتە ئێرە دەکەیت بە شیوەنی کۆچ؟

ئاسمان ساردە

وەرەوە باوەشم

کە ئاگردانێک لە سینەمدا

پەنجەرەیە بۆ ئازادیت

داخستنی دەرگا

بەڕووی مندا

با

ئەبەدی نەبێت

با ئەم زریانە هەموو شتێکم تێک نەشکێنیت

منداڵانە دەمەوێیت

منداڵانە یاری بە قووڕی هەستم مەکە

لە کەللــەی شیعرمدا پرسەیەک ڕژاوە

لە خوورپەی دڵمدا کوێرانە خودکوژی ئەڤینت شانەی ئەم نایانەت دەکا

ئاسمانم کەوتە نێو دەستەکانتەوە

گیانەڵامت نەلاوانەوە

دندوکم نینۆکەکانتیان پڕ کرد لە ژەندنی

ماچ

چڕنووکت هەستمی برینداركردەوە وە وە وە

چڕنوکی وشەت چەقاندە دڵمەوە

خوێنت زاندە چاومەوە

زریانێك سوورت کردم

ژیانێک وەنەوشەیی

زریانێک خۆڵەمێشی تابووتم

بزمارڕێژراوم

ئاسمانی تابووتم تاریک

زەوی زاری زاری و تۆفانمە

زەریا سنوری شارمە

شار بەسەردا ڕما

شارت ڕماندە منەوە

هاڕیمتە "نا"تەوە

گلۆڵەتکردمە "با"تەوە

پەرشبوومەوە کەناری پێیەکانت

تەپەت لە تۆزم هەستاند

بە فووتدا بردمە تاریکیمەوە

زستانت تێ خستم و هەڵتدامە بەستەڵەکی وشە هارەکانتەوە

زەردەواڵەی وشەت پێمدا چزاند

جززززز هەڵتکڕوزاندمە سەهۆڵبەندانی زەمهەریر

ئەوەندە تەنگ و ناخۆشت کرد دونیا

هاوارم بۆ دەرچوون

ئەگەرچی بۆ سەقەڕ چین*

تورەتر

تورەتر لە تۆفان

شێتانەتر لە ڕەشاوی با

ڕەشەبام توورهەڵدا

زریانم بێهوودەبوو نەگەیشتە پا

هەزارانجار دەمردمەوە و نەبوومە "با"

هەزاران جار بامت شەقکرد بە قەمەی "نا"

سەرم دانا لەبەر پاتا

خولامەوە و خولامەوە بەباڵاتا

نەبووی بە "با" نەبووی بە ئا

* لە شیعرێکی مەحوییەوە بەدەستکارییەوە

# بەشی دووەم

# ( خەڵوەت )

**پێشکەشە بە خۆم**

ڕێ ڕێ دەچمە سینگی گەرووتەوە

گەرووی گەردوونت نشینگەی ڕامان

ڕاڕایم دەخەمە گۆمێکی مەنگەوە

مەنگ وەک سەری ڕاماو

دەنگی پێ لەسەرمدا دەڕوا

تەنیا دەبمەوە و دەچمەوە نێو سینگی تەڕایی

نێو لەپی سروشت دەکەم بە نشینگەی چاو

لەسەر گەڵاکان دەخزێم

بەردەکان دەخوێنمەوە

باران دەدەمە بەرتریفەی ڕوو

مانگ لە تەنافی ڕووبارێکدا هەڵدەخەم

ئاو دەڕژێنمە ناو

ناو دەژیەنمە ئاوەوە

سێبەری مێرووڵەکان بەسەر پووشەکانەوە دەڕۆن

تاریکیش لەسینگی بەردێکدا دەڕژێتە دەمی گەڵایەکەوە

ئەستێرەیەک دەکشێ و گورگێک برسیتر دەبێت لە لوورە

مانگ ئاوێنەیەک دەداتە دەنگی لوور

چاوی گورگ دووردوور

ترسێک بەسەر دارستانەکەدا دەکشێ

یەک خۆی دەداتە پەنای ترسێکی تەڕ

ئازارێک لەڕ،

ترسێک کەڕ،

سەرێک و هەزار سەودا و شەڕ

شەو ڕژایە ڕووبارەکەوە

مانگ لە سنگی ئاوەکەوە دڕی بە تاریکی دەدا، کاتێک هەورەکان کەلەپچەیان کرد. ڕەشایی مێروولەیەک خزایە شەوەوە، گەڵایەک لە قەراغی گۆمەکەدا ڕەش دەچووەوە، میروولەکە گەنمەکەی ڕاکێشایە سەری و بەرەو شەوقی مانگەکە لە ناو ئاوەکەدا بەڕێ کەوت، مانگەکە کەرتێکی کەوتبووە سەر تاشەبەردەکەی نێو گۆمەکەوە...

بەخوناوێکدا هەڵواسرامە گەڵایەکەوە

خۆرم سپاردە سێبەری وشەیەک

وشەم چەقاندە چوونەوەخۆ

دیمانەی ماسییەک بووە دەریایەک سووێرایی چاو

چاو گۆمێکی وەستاو

تروکایە سەتان وێنەی وروژاو

تروکا تەکانی جووجەڵە

نمایشگای نێو کەللـــــەسەرێک/ تاشراو

تاشراو/تاشینی هەزاران تابلۆی شێواو

شێواوە شێوەی شیوەنی دەستتشۆردن لە یار

شیوەنم کردە کۆکردنەوەی تابلۆ شێواوەکانی لەدەستدان

لە سینگی سروشتدا /شیعرم/

لە سینگی شیعردا/کۆڕامانم/

زریانی بێتۆییم بە خەڵوەتی سروشت/قەرەبووی/

شیوەنم پووشەو/ژیانی "با"بردوو/

سوورایی چرۆی خستە دەمی سەوزاییەوە

گەڵایەک حیکایەتی خۆڵی بۆ با گێرایەوە

با شیوەنی شیبوونەوەی گەردەکانی جاڕ دا

هەور ڕیای دۆخگۆڕینی باراند

ڕێ نەگەیشتە دێ

دێ نەڕژایە زێ

زێ خووڕەی جیابووەوە/ژێ/ژێ/

هەور ئاوازی باراند/بووە ژێ/

ئاو سەمای تاساند/بووە ژێ/

خوناو گەڵای دڵۆپاندە/دەمی ژ ێ/

ماسی بووە/ڕێ/

دەریا بووە/دێ/

ژێ ژەندی و ژەندی نەگەیشتە/زێ/

دڵۆپ دڵۆپ

ب

د

و

ێ

.

.

.

ئاوازێک هەمیشە دەگاتە جێ و ناگاتە گوێ

دەگەمە گوێ /ژێ/ دەدوێ

دەگەمە /ڕێ/ قوڕدەگرێ

ئەم قوڕە شیعری لێ نائافرێنرێ

دەگەمە دێ پشت لە ڕێ

ڕێ ڕێ دادەخرێمە سروشتەوە

ئەم ئەشکەوتە ڕادەکێشمە سینگمەوە

پەنجەرەیەک بەسروشتدا دەکەمەوە

سێبەرەکان دەدوێنم و جەستەکان دەلاوێنم

خۆم دەلاوێنمەوە

خۆم دەدوورمە وێنەسەیروسەمەرەکان

نشینگەکەم دالْدەی ڕاهاتنە بە نەبوونت

دونیایەک لە نەبوونت دەسازێنم

دونیایەک لە سینگی گەڵایەکرا دەکەمە پەنجەرە

پەنجەرەیەک دەدەمە دەستی ئەندێشە

پەیژەیەک شۆڕدەبمەوە خۆم

خۆمێک هەڵدەگەڕێنمەوە دڵۆپێک ڕەنگ

ڕەنگ چاوێکی دەوێ و دەنگ پیاسەیەک

پیاسەیەک لەماسیدا دەخنکێ

دووکەڵێک لەئاودا دەزێ

دەچمەوە غوبارێکی خۆڵەمێشی

کڕێوەی کڵاوە بۆ ئاو

بۆ کڵاوەی گۆمی بەر باران

هەوران دەچنە ئاوێنەی بەرباران

قژی ئەم درەختانە ڕەنگ دەپژێنن

ڕەنگ دەپڕژێتە جۆگەلەکانەوە

گەڵا گەشتنامەی ئاو دەنووسێتەوە

جریوە باڵ لە گوێم دەکوتێ

چۆلەکە وانەی کرم ڕاودەکا

قۆزاخە خەڵوەتی هەزارساڵی پەپوولە

بۆق سەمفۆنیای پێنجەم دەنووسێتەوە *

گەڵا دوا نۆتەکانی کۆنسێرتی ناشتن *

گیرفانی قڕشێک پڕدەبێت لە ماسی سوور

پرچی زستان سپی سپی بەفردەگرێ

بەفر سپی سپی دەچڕێ

خۆر لە پەنای جۆگەیەکدا دەیبەستێ

ڕەنوو شەختەناناسێ

ساماڵ زوقم لەباوەشی گیا دەلاوێنێ

درەخت سێبەری ورچێکی پۆشتەبێ

بەڕوو کڵاو بۆ خۆی بدروێ

لوورە کان پەیامی برسییبوون بەگوێی مانگدا بدەن

لوورەکان ترس بخەنە دڵی دارستانەوە

بەچکە نەڕە خۆی داوەتە پەنای باوەشێکی گەرم

* Beethoven's 5th symphony

* Mozart- Masonic Funeral music for orchestra in C minor

ئەڤین بۆ زەردەواڵە پۆقلەی بەرگریە

هەموو شانەکانی ئەم خەڵوەتە سروشتە

هەموو خەڵوەکانی ئەم نزایە ڕامان

شانەی هەنگە هەنگەژێی ژەنینی زززێ

هاوئاهەنگدەبمەوە ڕێ

ڕێ  ڕێ دەچمەوە خۆم

ڕێ ڕێ دەچمەوە گەڵایەکی ڕێ ڕێ

ژێ ژێ دەچڕمەوە کوکووختیی

شاری مێروولە تا ناو گۆمەکە درێژ دەبێ

مێروولەیەکی ڕەشی مێ چاو لەڕێ، ڕێ ڕێ بە قەراغی ڕووبارەکەدا گەڵایەک گەنمێک لەسەر پشت کەڵەکی مێروولەیەکی ڕەش، لە شەوێکی ڕەشدا ڕەشدەچێتەوە لە چاوی چاوەڕوانی ئەوی دی مێ.
هەور نایەوێ بگرییێ، بەڵام "با" یاری بەچارەنووسی ئاو دەکا... تاریکی زیاتر ڕووبارەکە دەتەنێ، چیرۆک دەبێ بەشیعر و شیعر لە چیرۆکی خەڵوەتێکدا پەنهان دەکرێ، داستانی مێروولە بەرانبەر "با" خۆی دەگرێ و کەشتی سەوڵی هیوا دەژەنێ. دڵی هەور لە تاریکیدا دەگووشرێ...

دەمم لەدەمی ئێوارەیەکا دوایە دواوەی دونیای سێوێک

لە هەنارێکا ڕژامە سووری دونیاوە

حەزێک گرووی باوەشە دەکەومە کۆشی گەردونتەوە

خەوم خزاوەتە ختووکەوە و خەونم شەونم ناکاتەوە

رێبوارێک ناگاتە ڕێ

جوتیارێک ناگاتە ژێ

گیتارێک ناگاتە دێ

گۆرانی بۆ گەنمەکان بڵێ

"خۆشم" ناگەمە "دەوێ"

کە دەمێ نارژێتە چەمێ

"نا"ی ناتەواویەکان دەبنە ڕێ

ڕێ ڕێی وەتەرەکانی داخراویم دەبنە زێ زێ لەدامەنی منەوە دەڕژێ

مەیلی هەنارێک لێوم دەخەڵەتێنێ

فریوی سێوێک دڵم دەفڕێنێ

فڕفڕفڕۆکەی باڵندەیی

دکدکدکدارکونکەرە لەسەری منەوە دەژەنرێ و دەنێژرێ

لەنێو فریوی سێوێک و مەیلی هەنارێکدا

گڕ دارستانی حەزم ڕووناک دەکاتەوە

باران باوەش بە دووکەڵدا دەکات

بەفر ڕیشی گەڵا پیردەکات

باڵندەکان مانای کۆچ لە فەرهەنگی وەرزەکاندا مۆمیا دەکەن

دەریاکان دەدرێنە بەر ڕێژنەی فڕین

ئاسمان مەودای شەقەی باڵ بەسەر نۆتەی هاوئاهەنگیدا ئاوەڵا دەکات

ئۆقیانووسێک بەستەڵەک لە ناوەوەدا مێژووی ماسی دەخاتە نەخشەوە

سنووری چاو و ڕەنگ تێکەڵ دەبن

سنووری گوێ و دەنگ دوورگەی گۆرانی دەچڕن

ئاوازەکان لەدۆڵێکدا دەچنە ژوانی کەناری

پاساری سەما لەگەڵ بادا دەکاتە شیعر

نەورەسەکان باوەش بە دەریادا دەکەن

ماسییەکان سەما فێری شەپۆلەشێتەکان
شەپۆلەشێتەکان مامۆستاکانیان دەکەنە نێچیری نەهەنگەکان
نەهەنگەکان جەنگی سەمان لە دەریادا
کیسەڵێک پەلەی نییە لە خەڵوەتی پیاسە
بێچووە فیلێک دارەدارەی خواردن فێری گیایەک دەکات
لە لێورا تا سێو دەنووشتێمەوە
وانەی فریو ئەزموون دەکەم
وانەی فڕیو بەئاسماندا بڵاودەبنەوە
وەک کێوەکان بە دڵی خۆمدا دەچەقمەوە
لێوم: بە هەنارێکدا دەتەقێنمەوە
دەستنوێژی خەڵوەت لە ئەشکەوتەکەمدا دەگوزەرێنم
سروشت لە کەللــەمدا ڕەنگ دەداتەوە
وەک ڕزگاربووی زریان خۆم بە سینگی گەردووندا کرد
بوومە پەناهەندەی ڕامان
ڕەنگدانەوەی سروشت لە خەڵوەتمدا سووریاڵ
پریاسکەیەک خوێن گوڵی ئاڵ
چیرۆکی باوەشی مێروولەم کردە دیرۆکی ئەڤین

ئەڤینم خولقاندەوە و دەوە و دەوە

لە "نا"کان "با"م خولقاند

سەرم بووە شارەمێرووولەی ئەڤیندار

نەڕە دارستانی نەپاراست

خشپە ئاوازی ئەوینی ژەند

جریوە بووە گۆرانی باڵەفڕکە

دڵی هەور لە تاریکیدا دەگووشرا، سەوڵی کۆڵنەدان بە شەپۆلەکان دەژنرا. مێرووولەی مێ لەسەر تاشەبەردی نێو دڵی گۆم دەست لەسەر دڵ و چاو لەڕێ. گەڵا ڕێ ڕێ گەنم و مێرووولەی دەدایەدەست شەپۆلەکان. هەورەکان تاریکتر و تاریکتر چاوەکانیان لە بەردەم ڕەشاییدا ڕاڕا، بروسکە چرکەیەک ڕووناکی چەقاندە دڵی شەوەوە، ترس لە دڵی مێرووولەدا شەوی ترازاندە ترسێکی گەورەتر لە تاریکی. دڵۆپ دڵۆپ خێراتر گەیشتنی زیاتر دەتۆقاند. مێرووولەی مێ لەسەر بەردەکەدا خزی و پاڵی نا بەگەڵایەکدا. با لەگەڵ گەڵادا کەوتە سەما. مێروولە لەسەر دڵی بەرددا دەست لەسەر دڵ و چاو ئەبڵەق. گەڵا و سەما و با گەیشتن. گەڵای دەم "با" خۆی هاویشتە باوەشی گەڵای کەشتی و بووە نوا... ڕەشایی زانی شەڕی ئەم هەموو موحەبەتەی پێ ناکرێ، بەرەبەرە مانگ لە سینگی هەورەکانەوە ترازا، مێرووی چاوەڕوان ڕوانینی لەسەر گەڵا گیرسایەوە، گەڵا لادرا و نمایشی چاوەکان بووە پەنا، مانگ پێکەنی و گۆم لە غروووریدا بووە دەریا...

# بەشی سێیەم

# ( گۆرانیی شار )

**پێشکەشە بە سەباح ڕەنجدەر**

گۆرانی شار دەژەنم

دەبمە بەرنامەی ڕۆبۆتێکی هەستیار

لە شاشەکانەوە بانگەشەی ڕۆحم پەخش دەکەم

لە نهۆمی سێزدەمەوە

سێزدەجار تەنیایی

سێ هەوڵی خۆفڕێدان

کەللــەمان بە مادەدا تەقی

لەناو ماددەدا تەنیایی پڕماندەکاتەوە بە هیچ

هیچ هەرایەک لە دڵەوە نابێ

دڵ قتووبەندکراوە

گەڵایەک ڕادەکێشمە ئەم جیهانە پلاستیکییەوە

گوڵێک لە گەردنی ژەنگاویی

شار لە سەری مندا جەنجاڵە

سەرم لەو هەموو باڵەخانانە دڕاوە

دڵم لەم تۆڕانەدا ڕزاوە

جاڵجاڵۆکەیەک بە تۆڕی مندا ناگوزەرێ

من جاڵجاڵۆکەیەکم و بەتۆڕی ئێوەدا گەنیو

لە دراوێکدا دڕاوی ئەم سەرمایە پینەناکرێ

دڕاوم لە تەنیایی ژاوەژاوی بووکەڵەکاندا

دێمە چەقی تووڕەهاتەکانی ئامێرەوە

بە توونێلەکانی تەنیاییمەوە سینگی ژاوەژاوتان کونەودەردەکەم

قردێلەی ئەم سیستەمە تەنگە دەپچڕێنم

ئەم سەرمایە گەیشتووەتە ئێسقانەکانی تەنیاییم

ماچەکانی ئێرە بە لێودا ناتەقنەوە

ئاسنی سارد دەکوتنەوە

کارگەی بەچکەپەڕۆیە لێوی ئەم دراوە دڕاوانە

سەوزایی ڕادەکێشم، ئەم شەقامە چۆڵە

نەوڕەسەکان سینگم دەکەن بە هێلانە

لەجریوەوە هاتووم هاواربچێنمە ڕۆبۆتەکانتانەوە

جیهانێک لەم وێستگەیەدا چاوەڕێیە

جیهانێک لێوانلێو لە لێوی درۆینە

لە ماچی سۆزانی

لە سێکسی کڕدراو

لە پینەی بەپارەکراو/بەپارەکڕدراو

جیهانێک پڕپڕبووە لە مەمکی سەربڕدراو

لە دڵی خەساو

لە ئەڤینی لاقەکراو

ئەم هەموو پینەی بووکەڵەسێکسیانە لەسەرمدا دەدڕێن

ئەم هەموو فالووسە* فوودراوە

ئەم هەموو سمتە فوودراوانە

لە جوانی لاقەکراو

لە جیهانێکی فوودراو

مرۆڤ لە تۆڕەکاندا بووە جاڵجاڵۆکە

لەو هەمووە بەدگۆڕانانە دەڕشێمەوە

ڕۆحی ئەم جیهانە لە دراوێکدا گەنیوە

ڕۆحی ئەم بەدگۆڕانە پەنجەرەیەک شکنابا بۆ داخستن

خوداوەندی شاشەکان

ئەفیونی گەیاندە هەموو گیرفانەکان

چاوەکانی ژاراوی کرد

دڵەکانی لەداتایەکدا دزی

شار گۆرانی دیوارە

* Phallus

ئەم هەموو دیوارانە گرێدراونەتە نەخشەوە
باڵەفڕکەی مرۆڤ بەسینگی ئاسمانەوە
ئاسمان لووتی باڵەخانەکانی لەباوەشگرتووە
لە نهۆمی سەتەمەوە ڕۆبۆتێک و ئەڤینێکی لاقەکراو
لاقەی گۆرانییەکانی تەنیایی
دڵم لە شاشەیەکدا جێما
چاوم بەنامەیەکی ئەلکترۆنیدا چزا
دەستی بەرنامەیەکی نامەبەرم ماچکرد
ڕۆبۆتێک لە شەقامێکی جەنجاڵدا خێسەی لێ کردم
ڕووپەڕی داتاکان بوونە کێڵگەی نهێنیەکانمان
چاوێک ڕۆحی دزین
گەڵاکانی نێو چاوم شەڕی ژەنگیان پێ نەکرا
سینگم لە گزۆزی ماشێنەکاندا خنکا
دووکەڵ لە سەری مندا سەما دەکا
شەقام پڕە لە پێی سەرگەردان
خێرایی کاتەکانمان دەکوتێ
لە خولگەی تەمەندا چرکەچرکم باڵ دەگرێ

بەردەوام گوڵی پلاستیکیم دەدڕێ و دەدڕێ

زەنگی جەنگ ژەنگی ڕژاندە زاری دەمەوە

دەمی ئێستامان لە دەمی بۆمبێکدا کاترێژ

وێستگەکان پڕبوون لە ترازان

ئەم هەموو سەفەرە لە چ کتێبێکەوە بپێچم

چ دێرێک بگەیەنمە میترۆی پێکەوەیی

لە وێستگەیەکدا ڕۆبۆتێک دڵمی دزی

لە شەقامێکدا کامیرەیەک ڕۆحمی داڕنی

من تۆقیوم لەو هەمووە چاوە

چاوی کۆڵان

چاوی شەقام

چاوی وێستەگە و نەخۆشخانە و دار و بەردی شار

چاوەکان تا ناو جێگەی خەویش بە دوامانەوەن

ڕادەکەم لە چاوەکان

دەمەوێ خۆم بشارمەوە

ماندوو دەبم و چاوێک لە سووچێکی شاراوەی کۆڵانەکە ماندوێتیم دەخوێنێتەوە

ناولەپی ئەم جیهانە پڕبووە لە چاوی نهێنیپارێز

چاوی نهێنیهەڵگری سووسەکەر

لەم جیهانە چاودارە بێزارم

دەمەوێت چاوتان بشکێنم

ئابڕووی هەموومان لەچاوتاندا هەڕەشەیە

ئابڕوومان لەسنووری کلیکەکاندا قەتیس

لەنێوان کرتەکردن و نەکردندا هەڕەشە دەمانباتەوە قاوغەکانمانەوە

مرۆڤ تڕۆی تووڕەهاتەکانی داتا

مرۆڤ تڕۆی تووڕەهاتەکانی دانا

مرۆڤ لەژمارەکاندا بوونی ونکردووە

بوون لە نێوان سفر و یەکدا هەزاران ساڵی ترس

مرۆڤ سەری بە کۆمی ترسەوە کز

شار خۆی دەکوتێتە تەنیایمەوە

وەک زێرابێکی تەنیاتر مەراقم لێ دەڕوا

میترۆکان بەناوەوەی مندا خێران

شەقامەکان لە منەوە درێژدەبنەوە

باڵەخانەکان بەحەوامدا دەبەن

لێوێک خەیاڵم دەژەنگێنێ

سمتێک دڵم دەپلیشێنێتەوە

دەبم بەژێر هەرەسی هەوەسەوە

مرۆڤێک لە ژێرمدا دەبێتە بووکەڵە

مرۆڤێک لە باوەشمدا دەبێتە لاستیک

ماچێک تام تایەی ماشێنەکەم دەدات

دوو دەبدەبە لەنێو دەستەکانم دەتەقن

سینگێک لەژێر پەنجەکانمدا پەنچەردەبێت

ڕۆژێکم لە خوولەکێکدا دەتروکێ

زەمەنم لە چرکەیەکدا تەنگ

تەنگم وەکوو خونچەی دەمی تۆ *

گێژم گێژ لە گێژی هەزاران شەقامی پێکداچوو

لە شەقامێکدا ون دەبم

لە کۆڵانێکدا خوێن دەهێنمەوە

شار لە مندا تەنگە

بازار لە مندا تەنیا

باڕ لە مندا ئاگا

دەسەڵاتەکان لە مندا ئەژدیها

*دڵم تەنگە وەکوو خونچەی دەمی تۆ ( هەژار موکریانی )

خەریکە سەرم بەشاردا بتەقێتەوە

کاتژمێرەکەم غاردەدات

قاچەکانم شەکەت

دەلاقەیەک شک نابەم بۆ ڕوانین

سەرم بووە جاڵجاڵۆکە

تۆری ئەم جیهانە ئاڵۆزکاوەتە خەیاڵمەوە

شەمەندەفەری ئەم خەیاڵانەم گیراو

گیراوترین تونێڵ قوڕگی من

گەرووم گەرووی هەزاران هاواری خنکاو

لە گۆمی سەرمدا شار دەخنکێ

باڵ بە کورسیەکەوە لەخاچدەدرێ

هەمووڕۆژێک ڕێیەکانم دەچنەوە سەر مێزێک

میزێک و مۆزێکی بەیانیان و مێزێک

پێ و ڕێ و جێ

پێ و ڕێ و جێ

پێ و ڕێ و جێ

دووبارە

ملیۆنانبارە ژیان لە سەری مندا دەسوێ

سوێ دەکەوێتە برینی ئەم جەنجاڵیانەوە

سوێ و سوێ و سوێ

دەق و دەق و دەق دەگرێ ئەم سوێیانە لەسەر سوێ لە سێوێکدا بەیانیانم دەخورێ

ڕەق و ڕەق و ڕەق بە شەقامەکاندا

شەق و شەق و شەق هەڵدەدمە قوتوی سەرم

خول و خول خولگەی سەرم بەدەوری کاس و وڕ

کاسەم بەتاڵ* جۆشێک لەم دونیا پلاستیکیە ناسەنێ

توورەییم سینگی ئەم ماڵەپلاستیکیانە دەدڕێنێ

ئەم هەموو لاقە لاقەکراون بە پاتەبوونەوە

لەسەرمدا دەکوتن و دەکوتن و کوتن

گوتن لە لێوم دەکەوێ

بینین لە چاوم دەڕژێ

ڕۆیشتن لە قاچم دەڕوێ

دەڕوێ و دەڕۆم و دەڕۆم

بەسە بەس ڕامگرن

هەنگاو پاتەوپاتەوەپاتەوپاتە

ماشێنەکان لە سینگمدا جرتوفرتوفرتوفرت

---

*سەر کە جۆشێکی نەبێ من زرکەتاڵم (مەحوی)

هەموو ڕێیەکان دەچنەوە سەر سەری من

سەرسەریبووم لەم تووڕەهاتانە

چەکی ناوەکیتان لە ناوسەرمدا وێرانە

زیندەچەکتان گۆشتم دەڕزێنێ

بۆمب بۆمب بۆمب سینگی زەویتان مینرێژ

مەمکێک پێمدا دەتەقێتەوە

پێستم دەوەرێ

ماندویەتیم لێ زاوە

تەنیایم لەجەرگەی ژاوەژاوتان ڕژاوە

ژاراویم

نامەیەک دڵی ژاراوی کردم

کلیکێک بە ترسدانمدا تەقییەوە

کەڕامەتم لە تۆڕەکاندا تەراتێنی دەکرد

چاوی شار لە دڵمدا زام

لەچاوی کوچەکاندا دەترسام

ڕاکەڕاکم نەگەیشتن

ڕاکە! ڕاااک

ڕاکی تیوبەکانی* سپێرمی جیهان

ڕاکی* بلوورەپەڕان

جیهان کەوتە ژێردەستی نەوەی تاقیگەکان

شۆڕشی بلوورەمنداڵەکان* لە چاومان چەقان

جیهانی کۆندۆم خەونی نەبوونەکان

وەڵامی سڵاوەکانم لەبارچوون

ڕۆبۆتەکاتفرۆشەکان کاتیان نەماوە

کات خزاوەتە گەرووی دراوەوە

هەستم دڕاوە

دوورینەوەی ئەم شەقامانە بە پێیەکانی من ناکرێ

ئەم باڵەخانانە بۆ باڵەکانی من تەنگن

ئەم زیندانی مێزە درێژخایەنە

ئەم دیوارانە لەقوڕگمدا تەسکدەبنەوە

سینگم وەک سینگی زەوی تەنگبووە

لەسینگی ئێمەدا ڕەشاو دەردێنن

جیهانی مامەڵەیە بە ڕەشاوی ناخی ئێمە

Test tube rack * IVF *

مامەڵە بەفرمێسکەکانمانەوە دەکەن

با ئیتر نایەتە سەما

بام لە جەنگەکاندا بۆگەن بووە

لە بۆمبەکاندا هەپروون

بۆمبەکانتان چاوی بە سەمای نەورەسەکانی دەم با هەڵنایا

دەبم بە با

دەبم بە نا

سینگی دووکەڵەکان کون دەکەم

لەگەڵ باڵندەکاندا سەمای سەفەرم

لەگەڵ جریوەکاندا "با"م بۆ گوێ

دەبم بە با

دەبم بە نا

سەرم پڕبووە لە هەرا

دەرژێمەوە و دەبم بە با

سەرم پڕبووە لە هەرا

دەرشێمەوە و دەبم بە نا

بام لە کێڵگەی مرۆڤەدەقگرتووەکان

بام نا دەپیتێنم

ترس و تا دەهێنم

پژمەی ئاگایی

نا و تا دەهێنم

دەبم بە با

دەبم بە نا

سەرم پڕبووە لە هەرا

هەرا بەناوەوەمدا دەپژێ

زمان لەگەرووومدا باڵدەگرێ

ئەم باڵدارانە لە دەممەوە دەگەنە باکانم

وەک با سەمای باڵندەکان دەگەیەنمە شار

سەرم پڕبووە لە هەرا

هەرای باڵندەی ناو سەرم دەمخورپێنێ

بەئاگادێمەوە لە پلاستیکیم

داتاکان دەقوپێنمە ئەڤینمەوە

من ئەڤینم من کوڕی بام

سنوورەکانیش دابخەن من کوڕی بام

لەنێو کۆپی داتاکانا من کوڕی نام

لەنێو دەقی دیوارانا من کوڕی بام

بام بە کوچەکانی زیندانی شاردا

بام بە بوورجەکانی تەنیاییەوە

بام و نایەمە داتاکانتانەوە

بام و لە چوارچێوەکانتان دێمە دەر

لەناوتان بام

لە تاوتان تام

لەچاوتان نام

سنوورەکانیش دابخەن من کوڕی بام .